# کەسوکاری کچە کوردە ئەنفالەکانی میسر داوای چارەنووسی کچەکانیان دەکەن

عەبدوڵڵا کەریم مەحمود

بابەتی (نهێنیی کچە پاکیزەییەکانی ئەنفالی دوای ئەنفال) ، لەژمارە (٣١٠٠) ی کوردستانی نوێ، لەلاپەڕەی ژناندا، هەموو ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤو میدیاو ڕێکخراوەکانی ژنانو ڕووناکبیرانی گەلەکەمانی هەژاند، ئەمەش کلیلی بەڵگەنامەیەکی دیارە لەبەردەم نهێنییە پڕ لەتراژیدیاکانی ژنانی کورد بۆ میدیاکانی دنیاو ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ، بۆئەوەی لەبەر ڕۆشنایی بەڵگەنامەکان مەسەلەی پیرۆزی ژنان بخرێتە ڕوو، کەڕووبەڕووی چەند مەرگەساتێکی تاڵ بوونەتەوە، لەناو کارەساتی مەرگەساتەکاندا دیلکراونو کڕینو فرۆشتنیان پێکراوە، کەڕژێمی کۆلۆنیالزمی عیراق کوردستانی گەڕاندەوە بۆ قۆناغی کۆیلایەتی، هەمان کولتووری سیستمی کۆیلایەتییان لەکوردستاندا بەرامبەر مرۆڤی کورد پەیڕەوکرد.

دەیان شەپۆلی خەڵك بێ سەروشوێن کران

سەعات ٢. ٣٠ی پاشنیوەڕۆی ٢٠٠٣/٦/١٨ گەڕامەوە بۆ ماڵەوە، چەند کەسێك خەڵکی نەوجول لەدوزخورماتووەوە دوای گەڕانو هەواڵ پرسین بۆ بەدواداچوونی نهێنیی کچە ئەنفالەکانی میسر سەردانیان کردم: وتیان ئێمە کەس‌وکاری ئەو فریشتانەین کەوا سەدامو بەعس لەو ناوچەیە ئەنفالیکردنو کردنی بەکۆیلەی نیوەی کۆتایی چەرخی بیستەم.

لەناویاندا کاك عەبدولخالق کە لەسیمایدا خەمێکی قووڵ دەبینرا، لەبارەی هێرشەکانی سوپای ئەنفالو چارەنووسی ونی کەس‌وکاری‌و خەڵکی گەرمیانەوە ئاماژەی بەوەکرد:

کادری حزبی شیوعیی بووم لەنەوجوول، ئەو دەمانە پێشمەرگەی تیپەکانی ی. ن. ك لەدۆڵی جافایەتی لەسنووری سەرکردایەتی لەشەڕێکی بەرەیی فراوانو بەردەوامدا بوون، ئەو دەمانە هەواڵمان پێگەیشت کەسوپای کۆلۆنیالزمی عیراق نیازییەتی هێرشبکاتە سەر سەراپا گەرمیان، ئێمەش هێزەکانمان کۆکردەوەو ناردمان بۆ بناری گل-گوندی تازەشار، گوندی تاڵاو، گوندی باش تەپە، ئاوایی چەچان، ساڵەیی‌و چەوری، لەگەڵ هێزی پشتگیریی ناوچەکە، خۆمان ئامادەکرد بۆ ڕووبەڕوو بوونەوە.

سەعات ٤ی ئێوارەی ١٩٨٨/٤/٦ لەزنجیرە گردۆڵکەی لفتی ئاغاوە سوپای عیراق بەپاڵپشتی دەبابەو مودەڕەعەو تۆپی دوورهاوێژی قورس‌و کۆپتەرەوە، هێرشیان کردە سەر ناوچەکە، پێشمەرگەکانی (یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانو حزبی شیوعیی‌و سوسیالیست) لەباشتەپەو ئاوایی چەچان ڕووبەڕووی ئەو هێزە زەبەلاحە بوونەوە، تێکیان شکاندن، شۆفڵێکیان لێ بەجێما. .

بەیانیی ١٩٨٨/٤/٧ جارێکی تر سوپای عیراق بەهەموو تەکنۆلۆژیای سەربازیی نوێوە هێرشیان کردە سەر ناوچەکە، جارێکی تر پێشمەرگەکانی (ی. ن. ك) بەسەرپەرشتیی سەید جەوهەرو حەمە ئاخە لەقۆڵی (شۆراو) و (قۆڵی دوراجی) یەوە، ڕووبەڕووی دوژمن بوونەوە، لەشەڕی قۆڵی "لفتی ئاغا"دا دوو پێشمەرگەی (ی. ن. ك) لەبەرگرییەکی کەم وێنەدا شەهیدکران، یەکێکیان ناوی (خەلیل) ئەویتریان ناوی (تاریق محەمەد) بوو، سوپای ئەنفال بەردەوامبوو لەسەر هێرش، دوژمن هێزی زۆرتری دەهێنا بۆ پاڵپشتیی هێزەکانی، خەڵکی سەراپا گوندەکان پەرتەوازە بوون، کەس بەکەس نەبوو، شەپۆلێکی خەڵکەکە ڕوویانکردە ناوچەی خۆرنەوەزانو تاوێرەکەو، شەڕ لە (چەوری) و (لفتی ئاغا) بەرپابوو، ئەو دەمانە پێشمەرگەکانی (یەکێتی‌و شیوعی‌و سۆسیالیست، لەگەڵ هێزی بەرگریی ناوچەکە) لەیەك سەنگەری بەرگریدا بوون بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی دوژمن.

سوپای دوژمن بێشومار بوو، بەرەی شەڕەکە فراوانبوو، سەراپا چواردەوری گەرمیانی گرتەوە، پێشمەرگەکان ماندوو بوون، تەنیا ئەزموونی شەڕی پارتیزانییان هەبوو، بێ تەقەمەنی‌و بێخواردنی، وایکرد، کەنەتوانن شەڕی بەرەیی فراوان بکەن، شەڕەکە تا ١٢/

www.kurdistannet.org کوردستان نێت

٤ بەردەوام بوو، کۆتایی پێهات، پێشمەرگەکان کشانەوە بۆ بناری زەنگنە، شەپۆل، شەپۆل ژنو پیاوو منداڵو پیر روویان دەکردە قوڵی خۆرنەوەزانو ناو زەنگنە، کەبریتیبوون لەخەڵکی ناوچەی (داودە، تووکن، عەزیز قادر، چوارشاخ، هۆمەربل، قەواڵی، لەکی قادر سەرهەنگ، باوەکر، دێی بنەکە، خانی سەروو، خانی ژووروو، ناوشانە) ، دواتر روویانکردە قوڵی جانی سەروو خواروو . ئەو خەڵکە بێشومارە لەشەوی ١٤\١٥ی ١٩٨٨/٤ بەناچاری روویان کردە سمودو کەلار، لەوێ تەسلیم بەهێزەکانی رژێم بوون، بەشێکی زۆریان روویانکردە قادرکەرەم، لەو دەمانەوە تائێستا هیچ هەواڵێکی ئەو هەموو شەپۆلە ژنو پیاوو منداڵە نازانین .

ئێمەش هێزەکانمان کرد بەسێ بەشەوە لەبناری سەنگاوو قەرەداغ خۆمان حەشاردا، دواتر بڕیاری پەڕینەوەمان دا لە٤/١٥ لەقازانقایە کەوتینە کەمینی جاشەکانەوە، کەمینەکەمان شکاند، سەعات ٤ی بەیانیی رۆژی ١٧\١٩٨٨/٤/١٨ بەسەرپەرشتیی کاک عەلی زەنگنەو کاک ئەسکەندەر لەئەڵلایی پەڕینەوەو روومانکردە ناوچەی شوان، لەوکاتەوە چاوەڕوانی دەنگو باسی کەسوکارەکانمانو خەڵکی ناوچەکەمان دەکەین.

نەوجوولو مەرگەساتەکانی

کاک عەبدولخالق قادر عەزیز لەبارەی نەوجوولەوە وتی: ناوی نەوجوول لە٩ جیل یان نۆخێڵەوە هاتووە، گوندێك بووە لەپێدەشتی گەرمیان، ٣٠ کیلۆمەتر کەوتووەتە سەرووی رۆژهەڵاتی دووزخورماتووەوە لە ١٩٧٤دا کراوە بەناحیە، شوێنێکی گرنگە کەوتووەتە ناوەڕاستی ناوچەی داودە، لەرۆژهەڵاتییەوە پێدەشتی گەرمیانەو لەرۆژئاوایەوە کەرکوکە، خوارەوەی دووزەو سەرەوەشی جەبەلی بناری گلە. ٢٠٠ ماڵ دەبوو، قوتابخانەی سەرەتاییو ناوەندیی کچانو کوڕانو نەخۆشخانەی تێدابوو، ئەوەی مایەی تێڕامانە زۆربەی خەڵکی گەرمیان کەوتنە تۆڕی ئەنفالچییەکانەوەو بێ سەرو شوێن کران.

کچە کوردە ئەنفالەکانی میسر دووزو گەرمیانی هەژاند

کاک عەبدولخالق قادر عەزیز دەڵێت: سەعات ٦ی ئێوارەی هەینی لەبارەگای حزبی شیوعیی کوردستان لەدووزخورماتوو بووم، لەو کاتەدا کاک کەمال حەسەن رۆژنامەی کوردستانی نوێی بۆ هێنام وتی: بڕوانە کچانی گەرمیان لەم بەڵگەنامەیەدا خراونەتەڕوو، لەسەر داواکاریی میسر، ڕەوانەی ئەو شوێنانە کراون، کە بەکولتووری کورد نامۆن، کەدوورە لەبەها جوانە کوردەوارییەکان، روومکردە ناوبازاڕ لەهەموو دوزخورماتوو هەر باسی کچە کوردەکانی گەرمیان بوو، کەچۆن بەدیلی فرۆشراون بەمیسر، هەرچۆنێك بوو، نموونەیەکم لەفۆتۆکۆپیی (نهێنیی کچە پاکیزەییەکانی ئەنفالی دوای ئەنفال) دەستکەوت، لەناو لیستی ناوەکاندا، ناوی (عصمت قادر عەزیز) ی خوشکمم تێدابینی، کە بابەتەکەم خوێندەوە سەراپا ناخو ویژدانمی هەژاند، گریام بۆ خوشکەکەم، بۆ کچە گەرمیانییەکان، بۆ بێکەسیی کورد، بۆ ئەو بارودۆخە دژوارەی تێی کەوتووین، زیاتر ماهییەتی بەعسم بۆ دەرکەوت، کەبەرنامەی چەند وردو قووڵی پڕ لەمەترسیی هەبووە بۆ تێکشکاندنی کەسایەتیی مێینەی کورد لەڕووی دەروونیو کۆمەڵایەتییەوە بۆ سڕینەوەی ناسنامەی کەسایەتیی کورد، (٣٠) کەسی بنەماڵەکەمان بێ سەروشوێنە، دوای ١٦ ساڵ ئێستا دەزانم خوشکەکەمو سەراپا کچە پاکیزەکانی گەرمیانو بادینانم بەبەندکراوی دووچاری چ چارەنووسێکی پڕ لەکارەساتی تاڵ کراونەتەوە.

دوو هێڵی تەریب

*کاک بەشارەت ئەمین هەمزە وتی: ئێمە ١٤ کەسمان لەئەنفالی سێ وە شوێن بزرکراوە، لەناو کچە پاکیزەکاندا ناوی (حەسیبە ئەمین هەمزە) ی خوشکمم بینی، ناوی هەردوو خوشکەزاکەم (نەجیبە حەسەن عەلی، شلێر حەسەن عەلی) م بینی، جگە لەوەی ناوی براژنە (حەسیبە حەسەن هیدایەت ئیبراهیم) لەناو بەڵگەنامەکەدا تۆمارکرابوو، لەبەرئەوەی نووسەر نیم نازانم تەعبیر لەو تراژیدیا پڕ لەکارەساتە بێوێنەیەی ناو مەرگەساتەکانی دنیا بکەم، لەو رۆژەوە لەبەرخۆمەوە دەڵێم: خۆزگە زووتر ئەم

بابەتە پڕ لەجورئەتەی راستی وتنە بڵاوبکرایەتەوە، بێ ئەوەی بزانم چی دەڵێم لەگەڵ خوشکەکەمو خوشکەزاکانمو براژنمدا دەدویم، هەمیشە روخساری پیرۆزی ئەمەكو وەفاو بەهای جوانیی رەوشتی ئەوانم لەبەرچاوە، گویم لەئازاری بێکۆتایی ناخی برینداریانە، جێی داخە وەك دوو هێڵی تەریبمان لیهاتووە، جارێکی تریەکتری نابینینەوە، ئەمە چ یاسایەك وتوویەتی کچە کوردەکان بکرێنە کۆیلەی عەقڵی پڕ لەدۆگمای بەعس، سەدام، ئەنفال. کاك خێروڵڵا عەبدوڵڵا تۆفیق کە (١٧) کەسیان ئەنفالکراوە، وتی لەناو کچە کوردە پاکیزەییەکانی میسردا (خۆراسان عەبدوڵڵا تۆفیق) ی خوشکمم بینی، هەر لەناوەکاندا هەردوو خوشکەزاکەم (چیمەن نازم عەباس، لەیلێ عەباس جەوهەر) م بینی، جگە لە (گەلاوێژ عادل رەحیم) برازای حەکیم رەحیم.

*لەناو بەڵگەنامەکەدا ناوی (لیلی عەباس جەوهەر) تۆمارکرابوو، کەئامۆزای مامۆستا یوسف یونس جەوهەرە.

*ناوی (خەولە ئەحمەد فەخرەدین) ی خەڵکی نەوجوول هەر لەناوی بەڵگەنامەکەدا بوو.

بەپێی ئەم بەڵگەنامەیە (١٠) کچیان خەڵکی گوندی نەوجوولەو ئەوانی تریش خەڵکی گوندەکانی تری گەرمیانن.

مەرگەساتەکە ویژدانی مرۆڤایەتی دەهەژێنێت

دواجار کاك عەبدولخالق عەزیز بەقورگێکی پڕ لەکوڵی گریانێکی وشکەوە وتی: "داوا لەسکرتێری گشتیی یەکێتیی نیشتمانیو کاك مەسعود بارزانیو هەردوو حکومەتی هەرێمو سەراپا حزبە کوردستانیو عیراقییەکانو مافی مرۆڤو رێکخراوەکانی ژنانو کۆمەڵەی نەتەوەیەکگرتووەکانو وڵاتانی هاوپەیمان دەکەین، هەموو توانایان بخەنەگەڕ بۆ دیاریکردنی چارەنووسی ئەم کەچە پاکیزەییانە، کەهەڵسوکەوتێکیان لەگەڵدا کراوە دوورە لەدەستوورو یاساو بەهاکانی مافی مرۆڤو ئەم مەرگەساتە پڕ لەتاڵاوەی بەعس سەراپا ویژدانی مرۆڤایەتی دەهەژێنێت. .

مدیری مخابەراتی کەرکوك دەستگیر بکرێت

بەپێی ئەزموونی پڕ لەجینۆسایدی بەعس، کەپڕە لە٣٥ ساڵی کوشتنو بڕینو بێ سەروشوێنکردنی مرۆڤی کورد، ئەم کارەساتە پڕ لەمەرگەساتەی کەئەم کچە کوردە پاکانەی رووبەڕووی ئەو کردارە ناقۆڵایە کردەوە.

مامۆستا فازیل حسین وتی: رزگاری هاوڕێم بۆ کاسبی روویکردبووە سامەڕا، لەوێ کرێکارێکی کوردی ناسیبوو، بۆی گێڕابووەوە، کەچۆن لەتکریت لای کابرایەکی دەوڵەمەندی خاوەن زەویوزار کاری کردووە، لەبەرئەوەی کارەکانی باشبووەو جێی رەزامەندییان بووە، ماوەیەکی زۆر لەکێڵگە کشتوکاڵییەکەدا دەمێنێتەوە، لەوێ بەهۆی کارەکەیەوە، ٣ کچ دەناسێت، دوای ئەوەی ماوەیەکی زۆر بەیەکەوە کاردەکەن، لەیەکتر دەگەن، متمانە لەنێوانیاندا دروست دەبێت، کچەکان دەڵێن؛ ئێمە کوردین، لەئەنفالەکانی گەرمیاندا دەستگیرکراین، لەو کاتەوە تائێستا ئێمە وەك کۆیلەیەك دیلین، دەستبەسەرین، کراوین بەخزمەتکار، چ کارێك ویژدانی مرۆڤ پێی ناخۆشبێت پێمان دەکەن.

بەڵگەنامەکەو ئەم زانیارییەو چەندان زانیاریی تر ئەوە دەخەنەڕوو کەوا سەراپا کچەکانی گەرمیانو ناوچە جیاجیاکان لەلایەن سەرانی رژێمەوە، کراون بەکۆیلە، هەڵسوکەوتی کۆیلەیان لەگەڵدا کراوەو بەزۆر تەعەدای ناموسیان لێکراوە، ئەگەر حکومەتی هەرێم لەسەر نەخشەو بەرنامەیەکی ورد، بەهاوکاریی هاوپەیمانان (مدیری مخابەراتی کەرکوك) و (رائید نزهات تکریتی) و چەندان سەرانی تاوانباری بەعس دەستگیربکەن، لێکۆڵینەوەی وردیان لەگەڵدا بکەن، بەهەزاران نهێنیی تری ئەنفالی دوای ئەنفالەکان دەردەکەوێت.

جێی داخە دوای گۆڕانکارییەکانی ٢٠٠٣/٤/٩، ئەو کارانەی بۆ پەیبردن بۆ نهێنیی ئەودیوی ئەنفالەکان دەکرێت، سستن، لەئاستی ئەو مەرگەساتە پڕ لەکارەساتەدا نین، کەوا پەلوپۆی دەیان کێشەی سیاسیی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، دەروونیی هەڵگرتووە، بەڵکو دامودەزگا باڵاکانی حکومەت کاری جدیی پڕ لەبایەخو زانستیو گرنگ بۆ ئەم مەرگەساتە بکەن، بەهاوکاریی رێکخراوەکانی ژنان، مافی مرۆڤ، نوێنەری وڵاتانی هاوپەیمان، بەدواداچوونی وردتر بکەن، بۆ پەیبردنو دیاریکردنی کچە کوردە ئەنفالەکانی (میسر سعودیە، کوەیتو ناوعیراق) بۆ ئەمەش دەتوانن سوود لەزانیارییە پەنگ خواردووەکەی ناخی مردووی مدیری موخابەراتی کەرکوکو سەرانی تری رژێم وەربگرن، ئەمجا دەزانرێت چۆن نهێنیو نهێنیی تر بۆ پەنهانە نهێنییەکانی کوردستانو عیراقو دنیا دەکەوێتە روو.

تێبینی کوردستان نێت:
ئەم نووسینە بیروبۆچونی حاوەنەکەیەت، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.

www.kurdistannet.org کوردستان نێت